بەرپرسانی تورکیا ئاگادارکراونەتەوە لە دەستپێکردنەوەی ئێپراسیۆنی هەناردەکردنی نەوت لە بەندەری جەیهان



جەگری سەرۆک وەزیران بە کاروباری وزە و وەزیری نەوت "حەیان عەبدولغەنی" ڕۆژی پێنجشەممە ڕایگەیاند، بەرپرسانی تورکیا ئاگادارکراونەتەوە لە دەستپێکردنەوەی ئێپراسیۆنەکانی هەناردەکردنی نەوت لە بەندەری جەیهان لە ڕۆژی شەممەی داهاتوو.

وەزارەتی نەوتی عێراق لە ڕاگەیەندراوەکەدا ڕایگەیاند، "کەمپانیای بازاڕکردنی نەوتی عێراقی SOMO کەمپانیای BOTASHـی تورکی ئاگادارکردووەتەوە لە دەستپێکردنەوەی کارەکانی هەناردەکردن و بارکردن لە ڕۆژی شەممە 13 ئایار".

وەزیری نەوتی عێراق ئاماژەی بەوەشکردووە، "تەواوبوونی گرێبەستەکان لەگەڵ کەمپانیا نەوداوەتییەکان بە فرۆشتن و بازاڕکردنی نەوتی خاو لە بەندەری جەیهانی تورکیاوە بەپێی ئەو میکانیزمانەی کە لەلایەن کەمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراقی سەمەوە هەڵگیراوە".